كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20-7-2007 21:59

## پرسی کەرکوک لەنێوپرۆسەیەکی دەستوری و ئیداره دانێکی پاشاگەرادانی بی وێنەدا...مستەفا قایتەوەنی

کوردی ناتۆرلەکەرکوک – تکریت
شارەزالەپەیوەندی پارێزگاکان.

دوای پرۆسەی ئازادی گەلانی عێراق پێش بینی هاتنە کایەوەی دەسەڵاتێك دەکرا کە بتوانێت لەماوەیەکی زۆرکەمی پێوانەیدا، بارووودۆخەکە بەئاراستەیەکی زۆرسەحراویدا بگوڕێت و نەهامەتی (35) سی و پێنج ساڵەی خەڵکی ناوچەکە لەبیرگەلانی عێراق بباتەوە تائێره و بەس ئەو پێش بینی و تیروانینانە بوو کەخەڵك و ڕۆشنبیران و بەرپرسانی سیاسی و تەنانەت چاودێرانیش وای بۆی دەچون.



دوای پێك هێنانی ئیدارەو دروست بوونی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دامەزراندنەوەی ئیدارەیەکی نوێی فیفتی بەفیفتی لەنێوان چین و پێك هاتەکانی پارێزگای کەرکوک پێش بینی دەکرا کە ژیانی خەڵکی ئەم پارێزگایە بەئاڕاستە یەکی زۆر خۆشگوزەرانیدا و لەکەنارێکی یەکجار سحراویدا ئارام بگرێتەوە، بەڵام دور لە هەموو ئەمانە پارێزگای کەرکوک لەماوەی چوار ساڵی دوای پرۆسەی ئازادیەوە بەرەو ئاقارێکی وون بوون و تەمووومژاوی سەری هەڵگرتووە ئەمەش بەدیدی من و چاودێرانی سیاسی ئەم بەهەڵدێربردنەی کەرکوک و خەڵکەکەی چەند هۆکارێکی لەپشتەوەیە دەکرێت زۆر ووردترلەوەی کەدەگووترێت و سیاسیانەو هەندێکیش بیری ئەکادیمی و پسپۆریەتی پێویستە کەدەتوانین تۆزێکی لی بدوێین، هەر لەسەرەتاوە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر ئەساسێکی زۆر هەڵە بنیات نراو دروست بوونی ململانێی تایفی و نەتەوەی لێکەوتەوە بەدابەشکردنی ئەنجوومەنی کەرکوك بۆسەرهەر چوار نەتەوەکەی کەرکوکە خۆی لە بنەڕتدا ئەمە چەقی کۆکراوەی گرفتەکانە، من شۆفینی نیم کە دەسەلاَت تەنها بەدەست کوردەوە بێت بەلاَم دوای ڕژاندنی خوێنی هەزاران کورد بەدەستی خۆمان کەرکوك و کێشەکەیمان لە دەستی خۆمان وەدەرناو ڕازی بوین کەبێگانە و خەڵکی دیکە ناوبژیوانمان بێت بۆچارەسەرکردنی هەندێك ئەزمەی ناوخۆی کە قابیلی چارەسەریەکی زۆر ساکارانە بوو دەکرا بەرلەوەی پرسی کەرکوك و ناوچەکانی هاوشێوەی و بەتایبەتیش کەرکوك ببرێتە ناوباس و خواسی ئەنجوومەنی حووکم و دەستووری کاتی و هەمیشەیەوە چەند ئیجرایەك بکرایە وەك دەرکردنی بڕیارێکی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانانەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرشی بەعس کەئەویش بریتی بوولەگەڕاندنەوەی قەزاو ناحیەدابڕاوەکان لەیەکەی ئیداری کەرکوك بۆسەر جوگرافیای دروستی کەرکوك و چاککردنەوەی چەندشارێکی دیکەی عێراقی کەدیموگرافیاکەی گۆڕانی بەسەرداهاتبوو ئەوکات پرسەکە ببوایەتە یاساش وەك ئەوەی کەئێستاهەیە مەترسی نەبوو چونکە کوردمسۆگەری زۆرینەی دەنگەکانی لەڕیفراندۆمدا وەدەست دەهێنا بەلاَم ئێستا ئێمەی کورد نەتوانیومانە ماددە دەستوریەکە تەکانیەك پی بدەین وەنە خیارێکی دیکەمان هەیە وەك ئەنتەناتیف، ئەگەر مرۆڤ تۆزێك واقیع بین بێت ئەوەی یەك هەفتە نزیکی و تەماسی هەبێت لەگەڵ دام و دەزگاکانی پارێزگای کەرکوك هەست بەبوونی پاشاگەردانیەکی بی وێنە دەکات چونکە ئەو جۆرەکارکردنەی کەهەیە لەدام و دەزگاکانی ئیداری و خزمەتگوزاری پارێزگای کەرکوك نەسیستەمە نە سیاسەت و وەنەعەقڵی ئیداری لەپشتەوەیە من

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-7-2007 21:59

مەبەستم نیە لەرۆڵی هیچ لایەك کەم بکەمەوە بەڵکوو تشیك بخەینە سەر ڕاستیەکان و بەشەفافیانە باس لەکەم و کورتیەکا نمان بکەین و هەندێکیش خەڵك و جەماوەر لەڕووداوەکان ئاگاداربینەوە ئەو مەبلەغەی کەخەرج کراوەچ لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوحکوومەتی هەرێم بەهەردووئیدارەوحکوومەتی فیدراڵی بەغداشەوە بی کەجێگای هیچ پرۆژەیەك دیارنیە بەشێکە لەو پاشاگەردانیە و بێگوومانیش سوود وەرگیراوە لەبارودۆخەی کەئێستا لەئارادایە ئەمەی کەمن نوسیوومە تەنها قسە نیە بەڵکوو خوێندنەوەی منە بۆ ئەو ڕاپۆرتەی هێزەکانی فرەنەژادو ئەمریکا کەهەیانەو من بینیوومە، ئینجا سەرەڕای ئەو بەربەرەکانیە بەردەوامەی کەلەناو ئیدارەی کەرکوك دات هەیە وەك ئەو پەیوەندیانەی نێوان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك و پارێزگارو تادەگاتە ئەو فەرمانبەرانەی کەلەدام و دەزگاکاندا هەیە ئەمەش هۆکارەکەی زیاتر ئەو بەربەرەکانی یە حزبیە تەسکە تۆخەیە کەلەپارێزگای کەرکوکدا هەیە کەئەمە زەمینەی بۆدروست بوونی پاشاگەردانیەکە دروستکردووە، بۆیە ماوەی چوارساڵە ژمارەیەك کادر ئەرکی بەڕێوەبردن و دەسەڵاتیان لەدەستە لەلایەك بۆشایەکی گەورەی فەسادی ئیداری دروست بووە لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك مەترسی تیرۆریش لەو لاوە بووەستێت کەگیانی زۆربەی بەرپرسەکانی کردۆتە مەترسیەوە بۆیە وەك ئاماژەمان بۆکرد لەسەرەوە گۆڕنکاری بنەڕەتی و تەشکیلەسیەکی ئیداری و سیاسی و سەربازی و پۆلیسی نوی بۆکەرکوك زۆر زەروورییەو ڕەنگە قۆناغەکەش هەر وابخوازێت و تەکانێکیش بێت بەئاراستەی باش بوونی خزمەتگوزاری و دەربازبوون و سەرکەوتنی پارێزگای کەرکوك لە پرۆسەدەساتوریەکان و زاڵبونیش بەسەر ئەو پاشاگەردانیەی کەهەیە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.